# عمر الشريف لە فیلمی بارزانی بەشدار نییە..!

وەرگێرانی لە عەرەبیەوە : شێرزاد هەینی
Sherzad55@hotmai.com

عمر الشريف ئەکتەری گەورەی هولیۆدو عەرەب:
دیموکراسیەت بە کەڵک ئێمە ناهێت.
من دەمەوێ بۆ یادگاری بە بەرهەمێکی خاوێن ماڵئاوایی لە جەماوەرەکەم بکەم.
ئەگەرچی تەمەنی بەرەو هەشتا ساڵی دەروات، بەڵام هێشتا بیری تیژە. ریشە سپییە بەفرینەکەی وەک نوکتەیەکی خۆشی لێکردووە، لە گەڵ پرووشکە ئاوەکەی دەریای ناوەراست لە شاری ئەسکندرییە یادی 75 ساڵەی لەدایکبوونی بۆ دەکەنەوە. بە زەوقەوە دەجولێتەوە، دەستی ئەو دەکوشی، لەگەڵ یەکێکی تر پێدەکەنێت، لەگەڵ ئامادەبووانی ئاهەنگەکەی دەیخواردوو دەیخواردەوەو پێدەکەنی.
میشیل شلهوبی جاران و عمر الشريفی ئێستا، لە بنەماڵەیەکی لوبنانی بۆ میسر بەیەکجاری سەفەری کردووە. لە قوتابخانەی فیکتۆریای منالانی دەوڵەمەند خوێندوویەتی، لەوێی دەرهێنەری ناوداری میسری یوسف شاهین بەهرەکەی دۆزیوەتەوە. لەوێیوە دەستی داوەتە کاری هونەری تا ( لۆرنس العرب ) و ( دکتۆر زیفاغو ) پێشکەش کردووە. دەچێتە فەرەنسا، لە سەردەمی سەرۆک جمال عبدالناصر نەگەراوەتەوە وڵات، لە سەردەمی سەرۆک انور السادات گەراوەتەوە، پاش ئەوەی لە کۆشکی سپی ئەمریکی دیداریان بووە. بەڵام هیچ کاری هونەری نەکردووە. دووبارە دوور کەوتۆتەوە، تا مانگی مارسی رابردوو دوورکەوتۆتەوە، بەڵام ئەو جارە بە پاڵەوانیەتی لە زنجیرە تەلەفزیۆنییەک بەشداری کردووە، لێرە گرفتێک هاتە پێشەوەوە، یسراو میرفت ئەمین و چەند هونەرمەندی تر رازی نەبوون بەشداری کارەکە بکەن، ئەگەرچی زۆربوون ئەوانەی خەونیان دەبینی بەشداری لەگەڵ ئەستێرەیەکی وەک الشريف بکەن، بەڵام ئامادە نەبوون لە بن دەستی بەرێوەبەری الشريف لە قاهیرە هونەرمەند ( ئیناس بکر ) بکەن، کە هیچ ئەزمونی لە دەرهێنان نەبووە، کاری لەگەڵ بکەن.
حسن عبدالله لە نیوزیویکی عەرەبی ئەو دیدارەی لەگەڵ الشريف کردبوو.

حسن عبدالله: نیازت وایە لە قاهیرە نیشتەجێ بیتەوە ..؟
ـ من بە درێژایی ژیانم لە هیچ شوێنێک خانووم بۆ خۆم نەکرییوە، طارقی کورم لە قاهیرە لە خانووەکەی خۆی ژوورێک و گەرماوێکی بۆ دابرییووم، زستانان منیش لە گەڵ ژنەکەی و ( کارم ) ی کوری، کە تەمەنی 8 ساڵە تێدا دەژین، هاوینانیش طارق و ماڵەوە دێنە لای من، لە شوقەکەم لە خوارووی فەرەنسا بەیەکەوە دەژین، پشووەکەمان بەو شێوەیە، بە هاتنی کورەزا گەوەرکەم عمر کە بە ماڵەوە لە کەنەدا دەژیت، بەرێدەکەین.
حسن عبدالله: بەرنامەی ئەوت هەیە لە فیلمێکی میسری بە ناوی ( ضل رجل ) کار بکەیت..؟
ـ ئەگەر لە زەنجیرە تەمسیلیەکەمان ( حناح و حنين ) لە مانگی یونیۆ تەواو بووین، رەنگە ئەو

فیلمە بکەم، بەڵام ئەگەر ئەو کارەمان دواکەت، ئەوە من داوای لێبوردن دەکەم لەو فیلمە، چونکە ئەوە 40 ساڵە هاوینان بەماڵەوە لە فەرەنسا دەبین، لەو ماوەیەشدا کار ناکەم.

حسن عبدالله: تۆ کە بیرت لە بەشداری ئەو زەنجیرە تەلەڤزیۆنیە کردەوە، هەستت نەکرد مغامرەت بە ناوو مێژووی هونەریت کردووە لەگەڵ دەرهێنەرێکی بێ ئەزموون کارت کرد..؟

ـــ ئەو دەرهێنەرە بلیمەتە، لەبەر ئەوەی زۆری ئازار بینیوە، بۆیە لە هاورێکانی دواکەوتووە. بە وردی باسی ئازارەکانی ناکەم، هەر ئەوەندە دەڵێم، کەوا ئەو دەرهێنەرێکی بلیمەتە.! هەندێک وتیان بەرێوەبەری کارەکانی منە، من پێش چارەگە سەدەیەک کارم لەگەڵ ئیناس بکر کردووە، لەو چوار فیلمەی لە ساڵی 1982 ەوە لە میسر کارم کردووە، ئەوم لەگەڵ بووە.

ئیناس بکر جوان دەقم پێ لەبەر دەکات، چاک وشەم بۆ دەردەبرێت، لە هەموو شتێک یارمەتیم دەدات، برادەرمەو من چاکی دەناسم، لە ناخەوە هەموو شتەکانی من دەناسێت، زوو دەگاتە ناو هزر، بەیەکەوە دوو بەرنامەی تەلەڤزیۆنیمان کرد، تا بیرۆکەکە بووە زەنجیرەیەک ئەو نووسیویەتی وکاری دەرهێنانی بۆ کردووە.

حسن عبدالله: دیارە ناوەرۆکی بابەتەکە لە ژیانی تایبەتی تۆ دەدوێت ..؟

ـــ راستە دەقەکە لە ئەندازیارێکی میسری دەدوێت، لە ئەسکندریە دەچێتە ئەمریکا لەوێ سەردەکەوێت، کیژێکی دەبێت، لەو وڵاتە ناوێکی باش پەیدا دەکات، تا کیژەکەی لەو کۆمەڵگایە گەورە نەبێت، دەگەرێتەوە زێدی خۆی لە میسر. ئەو بە گەورەیی لە ژوورەکەی خۆی لە ئەمریکا وشەی میسر هەڵواسییوە. بەردەوام گوێ لە شیعرەکانی شاعیری میللی میسری صلاح جاهین وگۆرانیبێژ آم کلثوم رادەگرێت، بەردەوام خواردنی میسریش دەخوات، منیس بەو ئەندزیارە دەچم، ئەو کارەشم دوا کاری عەرەبیم دەبێت. من ویستم بە بەرهەمێک ماڵئاوایی لە جەماوەرە میسرییەکەم بکەم، بە کارێک بچێتە هەموو ماڵێک. کارێکی زۆر خاوێن بێت، هیوادارم لە مانگی رەمەزانی داهاتوو هەموو خێزانەکان بەیەکەوە بۆ دیتنی کۆبکاتەوە.

حسن عبدالله: بۆ وازدەهێنێت ..؟

ـــ من دەمەوێت خۆم بۆ خێزانەکەم تەرخان بکەم، بۆ کورەزاکەم، ئەوەندەی لە ژیانمدا ماوە بە ئارامی بەرێ بکەم، رەنگە هەر بە یەکجاری واز لە کاری هونەری بهێنم. مانگی رابردوو یادی 75 ساڵەم بوو.. چیم ماوە بەرنامەی چی دابەرێژم.؟ بەرنامەم نەماوە، رۆژ بە رۆژو چرکە چرکەی لێهاتووە بەرنامەکانم، رابردووم لە بیرەوەرییم دەرهێناوە، پەیوەستم بە دوارۆژەوە نەماوە، ئەو دەقەی من لەگەڵ تۆ قسان دەکەم، هەر ئەوەندەیە. پاش نانی ئێوارە لە ژووری هوتێلەکەم چاو دەدەمە دەریا، لەو رۆژانە هەموو رامانەکەم تەنیا لەسەر تەمسیلیەکەیە.

حسن عبدالله:

من وا دەبینم رەوشێکی ئیمانی و دەست لەخۆ بەردانەوەت لێ بەدی دەکەم .. ئەوە وایە.

ـــ 29 ساڵی سەرەتای ژیانم لە میسربووە، میسر بە ئیمانە سادەکەی لەناومدا تاواوەتەوە، پاشان بە هۆی فیلمی لۆرنسی عەرەب دوورکەتمەوە، بۆ خەڵاتی ئۆسکار دەستنیشانکرام، دەیان خەڵاتم وەرگرتووە، پاڵەوانیەتی چەندین فیلمم کردووە، کە گەورەبووم، ئەستێرەییەکەم نەما، بۆیە بریارمدا بگەرێمەوە میسر، ئەگەر بۆم بکرێت چەند کێشەیەک چارەسەربکەم، ئەویش بە دەستکاری سینەمائی و تەلەڤزیۆنی.

حسن عبدالله: ئایا سینمای جیهان تۆی دوورخستیەوە ..؟

ــ هەموو هونەرمەندێک بەشی خۆی لە ناوداری وەردەگرێت، کە گەورە دەبێت پلە پلە لەو ناوداریيەی کەم دەبێتەوە، نۆرەی کەسانی تر دێت، من باشیش بوم لەو سێ ساڵەی دواییدا چوار کارم کردووە، لەوانە، الوصايا العشرو بطرس و مسيو ابراهيم و زهور القرآن و چەندی تر، لەسەر ئەو کارانە لە ڤیستڤالی ڤینیسیا لە ساڵی 2003 خەڵاتی رێزگرتنم بەدەستهێنابوو، زۆر شانازی بە رۆلی خۆم لە فیلم زهور القرآن دەکەم.

حسن عبدالله: پرسیارێک لە لام گینگلی خواردووە، تۆ بۆ ساردیت لەوە کرد بەرهەمێک بکەیت بۆ خۆشکردنی رەوشی نیوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا ..؟

ــ ساردی و تەمبەڵی چۆن ..؟ هەموو لایەک شێت بوون، خۆرهەڵات بە رووی خۆرهەڵاتەوە تەقیوەتەوە، شیعەو سونە کەوتونەتە ناو یەک و یەکتری دەکوژن. خۆرئاواییەکان لە زۆرهەڵاتیەکان دەدەن، بە پێچەوانەش، من لەو ناوە چی بکەم ..؟ من تەنیا ئەکتەرێکم و بەس، ئەگەر سیاسیەکان ئەوەیان پێنەکرا، ئەوە چۆن بە من دەکرێت، ئایا من لەو کارە سەردەکەوم ..؟ من بروام بە لێبووردەیی هەیە، بە تایبەتی لە نێو ئاینەکانا، من ئەوەم لەسەر خۆم چەسپاند، من لە میسر لەدایکبووم، کۆرەکەم ژنی جولەکەو کریستیانی هەبووە، ئێستاش ژنی موسلمانی هێناوە، دوو کوری لەو ژنانە هەیە، یەکێکیان جوولەکەیەو ئەوەی تریان موسلمان، هەردووکیان لە یەک نزیکن. من دەورەم بینی لە پرۆسەی ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل، سەرۆکی کۆچکردوو ( انور السادات ) پێش ئەوەی خۆی بچێتە ئیسرائیل منی بۆ هەستراگرتن نارد، منیش بەراستی چومە ئیسرائیل، سەرۆک وەزیرانی کۆچکردوو ( مناحيم بيگن ) م بینی، ناوەرۆکی دیدارەکەم بە سەرۆک السادات راگەیاند، لەبەر رۆشنایی ئەو دیمانەیەدا بریاری سەردانی ئیسرائیلی دا.

حسن عبدالله : سەیرکە ( جۆرج گلۆن ) ی چە دەورێکی کە دارفۆرو شوێنی تری هەستیار بینیوە، تۆ لە کێندرەرێ لەو شوێنانەدا ..؟

ــ دەستکەوتەکانی چین .. سەیرکە ...؟؟ بروا ناکەم هیچی لە دەست هاتبێت، بەرهەمی نەبووە، دەکرا برێ پارەی بۆ ئەو برسیانە پێشکەش کردبایە، خەڵکیش بۆچوونی وایە، ئەو پرۆپاگەندانە بۆ خۆی دەکات. زۆرن کەسایەتی وا وەک ( ئەنجلينا جۆلی ) و ( براد بيت ) و ( مادۆنا )، زۆرن ئەوانە دەچنە ئەفریقیا، لەوێ منالان هەڵدەگرنەوە، ئەوەش هەمووی بۆ ئەوەیە رووی خۆیان جوان بکەن، رەنگە راستگۆش بن. من وا گەورەبووم، وەک جاران ئەستێرە نەماوم، لە ساڵی 1953 کاری سینەمام کردووە، پێش 54 ساڵ ئەکتەرێکی پرۆفیشناڵ بووم، لەو کارە نەوەستاوم، کەم کەسی وەک من هەبووە، ئەوەندە بەردەوام بێت.

حسن عبدالله: تۆ زۆر باسی تەمەن و گەورەبوون دەکەیت، دیارە لە مردن دەترسێت..؟

ــ ( بە پێکەنینەوە )، حەمد بۆ خودا، لە چاو ئەوانەی لە تەمەنی منن، تەندروستیم وەک تۆپە، مردنیش لە هەر ساتێک بێت، با بێت، بۆیە چاوەروانی ناوێت، نیگەرانی ناوێت، دیارە کەوا خودا سەرەتاو کۆتایی بۆ داناوین، کەس بۆی نییە لەو پلانە دەربچێت، زۆر پێکەنینم دێ کە کەسێک داوای تەمەن درێژیيم بۆ دەکات، لەو ساتەی خوا دەیەوێت دەمرم، دوعا سوودی نییە.

حسن عبدالله : لەو ماوەیەدا لە چەندین سەرچاوەی هەواڵەوە، باسکراوە، گوایە تۆ لە فیلمێکی جیهانی رۆلی سەرکردەی کورد مسعود بارزانی دەبینیت..؟

( دیارە ناوەکەی بە هەلە نوسراوە، مەبەست لە رەحمەتی مەلا مەستەفایە، نەک کاک مسعود، ئەوەش لە کوردستان بە فراوانی بلاوکرایەوە، کەوا ئەکتەری گەورەی عەرەب عمر الشريف لە فيلمی

( پێشمەرگە ) ڕۆڵی مەستەفا بارزانی دەبینێت، کە لە سەر ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، یان لە سەر ئەرکی پارتی بەرهەم دەهێندرێت، لە کوردستان بەرهەمەکە جێبەجێ دەبێت، کەسایەتی هونەری جیهانی بەشداری تێدا دەکەن، وەرگێر: ).

ــ من هیچ شتێک لەسەر ئەو بابەتە نازانم، کاری لەم شێوەیەش بەرەو رووم نەکراوەتەوە.

حسن عبدالله: دەکرێ ڕۆژێک ڕۆڵی ئاسامە بن لادن لە فیلمێکدا ببینیت، بۆ نمونە.؟

ــ نا، من وا دەزانم تا سینەما ڕۆڵی کەسایەتیە مێژووییەکان ببینێت، هەر هیچ نەبێت، یەک سەدەی بەسەردا بروات، باشە. ئەوەش بۆ ئەوەیە تا لایەن سیاسیەکان جوان دەرکەون، من لەگەڵ ئەوە نەبووم فیلمێک لەسەر سەرۆک انور السادات بکرێت، ( ئەگەرچی نەماوە ) چونکە ئەو هێشتا لە ناومدا دەژیت. لەبەر ئەوەی کەسێکی وەک جمال عبدالناصر ماوەیەکی مێژوویی بەسەردا ڕەتبووە، ساڵی 1956 ئەوەیان مقبوولە. کە فیلمی ( لۆرانس العرب ) مان کرد، یەک دوو ساڵ لە ژیانی ئەومان لە دوورگەی عەرەبی کۆڵیەوە.

حسن عبدالله: تەماشای سینەمای عەرەبی دەکەیت..؟

ــ نە عەرەبی و نە ئەمریکی، من بەس تەماشای کەناڵەکانی هەواڵ و سپۆرت دەکەم.

حسن عبدالله: لەگەڵ چەندین ئەستێرەی گەورەی سینەمای جیهانی کارت کردووە، یەکترتان لەبیرە ..؟

ــ بێگومان .. لە فیلمی ( کیژە دڵخۆشەکە ) لەگەڵ ( باربرا سترایسند ) کارم کردووە، ئەوەش لە ساڵی 1967 بوو، لۆبی جوولەکە لێمان تووڕەبون، هەروەها ڕەخنەگرانی عەرەبیش گلەییان هەبوو، ئەوەش لەبەر ئەوەبوو من ڕۆڵی کەسێکی جوولەکەم بینیبوو، ئەوەش فشارێکی زۆری لەسەرمان هەبوو، بەڵام من و باربرا بووینە برادەر، ئەو باسی ئەزموونەکانی ئەڤینی خۆی بۆ دەکردم. لەگەڵ کلۆدیا کاردینالی لە فیلمی ( ماگرنگ )، ئەو ناوە وشەیەکی ئەرمەنییە واتە دایک، کارم کردووە. زۆربون تەمەن و گۆڕینی ئارەزووەکان لە یەکتری دووریخستینەوە.

حسن عبدالله: لەبەر ئەوەی بێ ژن دەژیت و تەنهایت، هەست بە نیگەرانی و تەنهایی ناکەیت ..؟

ــ ئەگەر هەستم بە تەنهایی و بێ ژنی کردبایە چوار ژنم دەهێنا.

حسن عبدالله: دەرەقەتی هەر چواریان دەهاتی..؟

ــ ( بە پێکەنینەوە ) بەڵێ دەرەقەتیان نەدەهاتم ( بە نازەوە )، پارەم دەدانێ تا ڕاستیەکانم نەدرکێنن، من بە ڕاستی دوورەپەرێزم لە ژنان، لە ترسی نەخۆشی ئایدزو نەخۆشییەکانی تر خۆم دوور رادەگرم، گەورەبووم و شەنگم نەماوە، سەیرکە سەرو ریشم سپی بووە، بونی ژنیک لە ژیانمدا بووە شتێکی پەراوێز.

حسن عبدالله: ئەگەر قژت بۆیە بکەیتەوە، گەنجتر دیار دەبیتەوە ..؟

ــ کی دەڵێ من دەمەوی گجکەتر ببمەوە، تەمەنم 75 ساڵە، ئەوەش شەرمی نییە، من ئەوانەی قژیان بۆیە دەکەنەوە، عەقلم نایانگرێت، ئەوانە وا دیار دەبن لە تەمەنی خۆیان گەورەترن، ئەو سەرکردانەمان بەسە کە لە بۆیەکردنی قژیان زۆر شارەزاو وەستان.

حسن عبدالله: ئایا بەگوێرەی بەرنامەیەکی تایبەتی خواردن دەخۆیت..؟

ــ ڕۆژانە 10 کم دەرۆم، جگەرەناکێشم، لەبەر فیلمی مسیو ابراهیم وزهور القرآن بە ناچاری کێشی خۆمم زیادکرد، کەسایەتیەکە پیاوێکی بە وورگی دەویست، وەک لە دیمەنی ناو حەمامەکە دیارە.

حسن عبدالله: وەک موسلمانێک یارمەتی نووسەری فیلمی ( مسیو ابراهیم و زهور القرآن ) ت داوە،

باش له ماناكانی قورئان بگات، لەبەر ئەوەی ئەو جوولەکەبوو..؟

ــ فیلمەکە باسی بەقاڵێکی دینداری موسلمان دەکات، کە کورێکی جولەکەی بێکەس هەڵدەگرێتەوە، نووسەرەکە کەسێکی لێبووردەبوو، ئاینەکانی خۆشدەویست، چەندین کتێبی لەسەر ئاینەکانی تر نووسیبوو.

حسن عبدالله: کە ئەو فیلمەت نمایشکرد زۆر رەخنەت لێگیرا ..؟

ــ بۆ هێرشیان کردوومەتە سەر، فیلمەکە بە باشە باسی ئیسلام و قرآن دەکات. بەقاڵەکە مناڵەکەی ناونابوو ( مومو ) تا ناوی محمدو موسی بگرێتەوە، کە بەقاڵەکە مردووە، لەناو لاپەرەکانی قورئانێک دوو گوڵ بۆ کورەکەی جێدەهێلێت، چونکە رێزی قورئانی لەلابووە، کە گەورەش دەبێت کورەکە ناوی محمد لە خۆی دەنێت. بە کورتی کورەکە ئەو پیاوەی بەخێوی کردبوو، زۆری خۆشدەویست، بۆیە وەک ئەو بویتە موسلمان، ئایا ئەوە زیان بە ئاینی ئیسلام دەگەێنێت، دەبێ ئێمە لێبووردە بن، ئیمە ئاینەکەمان هەڵنابژێرین، ئاین لە باوکمانەوە بۆمان دەمینیتەوە، من بروام بە خودای راست و حەقانی هەیە.

حسن عبدالله: بەڵام تۆ ئاینەکەت بە خۆت هەڵبژاردووە..؟

ــ بروای راستەقینەی من بروابوونە بە خودا، من موسلمانم، ئەوەش خودا بۆی هەڵبژاردووم، ئەوەش ئەو ناگەینێت، لە ئاینی تر عەیب بدۆزمەوە، کەسێکی لە ئاینی تر بەختەکەی وابووە، بۆیە گلەییم لێ نییە.

حسن عبدالله: لە کاتی کارەکەت لە فیلمی میسو ابراهیم وزهور القرآن، لە قورئانی پیرۆز چە سەرنجی راکێشایت..؟

ــ من زۆر گویم لە داعیەی کۆچکردووی میسری ( محمد متولی الشعراوی ) راگرتووە، ئەو پیاوەم زۆر خۆشدەوێت، پەیرەوی رێنماییەکانیم کردووە، زۆر بە جوانی تەفسیری قورئانی پیرۆزی کردووە، لە زمانیش زۆر شارەزابوو، کە ئایەتی ( وکذلک جعلناکم آمە وسطآ ) تەفسیر دەکرد، ( عمر الشریف ماناکە وت، منیش راستیەکەم نوسیەوە، ئا: ) بۆم روون بۆوە، ئەو ( الوسط ) ە کەسانی موسلمان لە کەسانی ئاینەکانی تر جیادەکاتەوە، گوێم لێبوو دەیووت: شیوعیەکان، چەپەکانن، پاش رووخانی شیوعیەت و ئێستاش سەرمایەداری لە رەوشێکی ئاڵۆزە، لە کۆتایی هەمو لایەک دەبێ بگەرێنەوە لای ( الوسط ) ەکە، ئەویش ئیسلامە، ئەوانەی گوێیان بۆی رادەگرت، بە ( الله اکبر ) وڵامیان دایەوە. بروا دەکەم ئەوانە لەوەی ئەو فەرمووی هیچی تێنەگەیشتبوون، بە هاوارکردن خۆیان نیشان دەدەن شتێ تێگەیشتوون.

( عمر الشریف ساتێک راوەستاو لە شێوەیەکی کۆمیدیی لاسایی شێخ الشعراوی کردووە، دەستی راست و چەپ رادەوەشاند، قومێکی لە ئاوە ساردەکە فڕکرد، چاوەکانی داخست، ئاکاری دەموچاوی گۆڕی لێوەکانی وەک ئەوەی قسان بکات جولاند).

حسن عبدالله : گوێ لە داعیەکانی تر رادەگریت ..؟

ــ گوێ لە دیالۆگانەی نیوان داعیە شیعەو سونەکان رادەگرم، ئەوانەی لە هەردوو کەنالی الجزیرەو العربیە پەخش دەبن، زۆر هەست بە خەمگینی دەکەم، هەر تیمەو لە دوڵێکەوە بۆ خۆی قسان دەکات، ئەوەی بەرامبەرەکەشی گوێ لێ راناگرێت. گویم لێبوو، داعیەیەک رەخنەی ئاراستەی خەلیفەی سێیەمی ئیسلامەتی ( عثمان بن عفان ) دەگرێت، ئەو پیاوە لە ئیسلامدا پیاوێکی گرنگ بووە، بەراستی پیاوی راستەقینەی دینداری بوو.

حسن عبدالله: سەردانی ماڵی خودات کردووە.؟

حەجکردن زەحمەتە، ئەگەر خودا حەز بکات دەچم، لەوە دەترسیم لە ئاپوورەی خەڵکەکە بخنکێم، جارێک ( العمره ) م کردووە، شەوەکەی لە سەحنی کعبە دانیشتبووم، تا بەیانیەکەی لە خودا پارامەوە، ئەو دەمانە کاتی خۆش بون، مەکە شاری خودایە، زۆر ئاساییە هەموو پێغمبەرەکان لە خۆرهەڵاتەوە هاتوون، لەوێ بیابان و ئەستێرەی لێیەو لە خوداش نزیک دەبیتەوە.

حسن عبدالله: بیر لەوە ناکەیتەوە کاری سیاسی بکەیت.؟

ــ من ئەکتەرم، بەوەش زۆر دڵشادم،کەسی سیاسی بە خەونیش ئەوە نابینێت، من رۆلی هەموو کەسێک دەبینم، رۆلی کەسیک پزیشک یان خوێنرێژێک، کە لە فیلمی ( بطرس ) رۆلم بینیبوو، ( القاعده ) لیم تووڕە ببون، وتووبیان چۆن لە فیلمێک رۆل دەبینیت، کە دیالۆگی وەک عیسی کوری خودای تێدابێت. منیش بە هەموولایەکم وت: من رۆلی زۆر دەبینم، ئەوەش مانای وا نییە من براوم بەو دیالۆگە هەیە، شتەکە تەمسیلەو دەقەکە دەیسورێنێت، ئەوە پیشەکەمە، من تێکەڵی بروای کەسی تر نابم، بۆ نموونە قورئان قسەی گەورەی تێدایە، رەوانبێژی موعجیزەی تێدایە، دیارە ئەو قسانە ئەوەندە مەزنن نابێ قسەی محمد ( ص ) بێت. ئەوەیە بروای ئێمە، ئەوەی موسلمان نەبێت، بروای پێی نییە، بێگومان وایە. ئەنتۆنی کوین لە فیلمی ( عمر المختار ) رۆلی بینی، لەو فیلمەدا قورئان پیرۆزکراوە، ئایا کریستیانەکان سەرکۆنەی دەکەن.

حسن عبدالله: چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ کورەزاکانت دەکەیت.؟

ــ یەک کورەزام هەیە، تەمەنی 7 ساڵانە، شێخێکم بۆ هێناوە زمانی عەرەبی و ئاینی فێر بکات، لە دوارۆژیش ئازادە، بوکەکەم زۆر بەدینە، کورەکەشم بەدینە. فاتن حمامە ( ئەکتەرە ناودارەکەی میسر ژنی جارانی ئەو ) حەجی کردووەو بەدینە، لە مانگی رەمەزانان سەردانی دەکەین، بەیەکەوە رۆژووەکەمان دەشکێنین، من داوا لە هەموویان دەکەم بەدین بن و خودای خۆیان لەبیر نەکەن. طارقی کورم لە قوتابخانەیەکی ئینگلیزی ناوخۆ فێربووە، شێخێکی فەلەستینیم دۆزیەوە لە ئینگلترا دەژیا، هێنام دەرسی زمانی عەرەبی و ئاینی پێ بڵێتەوە. ئەو کورەم ئێستا تەمەنی 50 ساڵە، بۆ خۆی ئارام دەژیت، گەورەترین مناڵیان 24 ساڵە، فێرم کردوون ئازاری کەس نەدەن.

حسن عبدالله: عەرەب بەوە تاوانبارت دەکەن، گوایە تۆ کێشە سەرەکییەکەی عەرەبت لە بیرچووە، ئەویش ململانی عەرەبی ئیسرائیلە... چی دەڵێت .؟

ــ من بۆ ئەو مناڵە فەلەستینیانەی رۆژانە لە برسانە دەمرن خەمگینم، من لەگەڵ فەلەستینم، لەگەڵ ئیسرائیل نیم، من عەرەبێکی موسلمانم. ئەو شەڕەی نێوان برازی حماس و فتح دڵگیرم دەکات، ئەگەر ئیسرائیلەکان یەکتریش بکوژن بۆیان دڵگیر نابم. من کێشەی فەلەستین بە گرنگ وەردەگرم، بەڵام ئەوانەی لە غزەو کەناری خۆرئاوا روو دەدات بێهیوام دەکات. زۆر چاک سەرۆک یاسر عرفاتم دەناسی. زۆر باسی ئەگەرەکانی چارەسەری کێشەکەم بۆ دەکرد. لەگەڵ سەرۆکی پێشووی ئەمریکی بیل کلنتۆن نانی ئێوارەمان لە پاریس بەیەکەوە خوارد، باسی ناوەرۆکی دانوستانەکەی نێوان سەرۆکی پێشووی فەلەستینی یاسر عرفات و سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی پێشوو ئیهود براک لە ( وای ریفر ) مان کرد. ئەوەی لەو رۆژەوە یاسر عرفات وەرینەگرت، نیشانەی نەفامی سیاسی بووە، چونکە کنێست پێشنیارەکەی باراکی قبوول نەدەکرد، لەوەش لەبەر چاوی هەموولایەک یاسر عرفات دەبووە پاڵەوان. ئەو قسەم بۆ یاسر عرفات گێرایەوە، بەڵام ئەو بە شێوەیەکی تر بیری دەکردەوە. کێشەکە ئێستا وا دیارە کەوا فەلەستینیەکان ئاشتی ناکەن،

چارەسەرییان ناوێت. ئەوان بیر لەوە دەکەنەوە ئیسرائیل لە وجود نەهێڵنن، رەشی بکەنەوە، لەو لاشەوە ( سەرۆکی ئێرانی نەژاد ) مان لێ پەیدابووە، ئەویش لێدوانی ترسناک دەدات، وا دەردەخەن کەوا موسلمانەکان هیچ کێشەی تریان نییە، تەنیا ئەوە نەبێت، ئیسرائیل لە دەریا بکەن. ئێستا مەترسیدارترین دوژمن و نەیار بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا، پاکستانە. ئەو وڵاتە چەکی ناوەکی هەیە، نیوەی سوپاکەی ئیسلامی توندرەون، تا ئێستاش ناتوانن ئوسامە بن لادن و ملا عمر یان ضواهری دەستگیر بکەن، چونکە لای پاکستانیەکانن، سوپای پاکستانی دەیشارێتەوە، هەر ئەوانیش چەندجار ویستیان سەرۆکی پاکستانی پەرویز مشرف بکوژن، رۆژێ دێ دەیکوژن، کە ئەوەیان کوشت ئیسلامیەکان دەستەڵات دەگرنە دەست، ئینجا بۆمبی ناوەکی دەدەنە توندرەوەکان، یەکەم کەس پشدێنی تەقینەوەی دەستدەکەوێت، ئوسامە بن لادن دەبێت.

حسن عبداللە: رات بەرامبەر سیاسەتی جۆرج بۆش چۆنە..؟

ــ دەیان جار لە کۆشکی سپی داوەتکراوم، لە ئێوارەی سەرە ساڵێک جۆرج بۆش داوەتی کردم، من نەچووم زۆر بەرێزەوە وڵامم دایەوە، وەک چۆن تۆ حەز دەکەیت لەگەڵ ماڵەوەتان ئەو ئاهەنگە بکەن، منیش وام ئارەزووە. بەراستی ئەوەی ئیمرۆ لە عیراق روودەدات کارەساتە، ئەو هۆکاری کوشتارەکەیە، ژمارەی ئاوارەکانی عیراق گەیشتە دوو ملێون کەس. ڤیتۆی ئەمریکی بۆ بەرژەوەندی ئیسرائیل ئامادەیە، جا زالم بێت، یان زولملێکراو بێت. خوێنی عەرەبی لە چاو ئیسرائیل و ئەمریکییەکان زۆر هەرزان بووە. کە حزب الله دوو سەربازی ئیسرائیلی رفاند، ئەوان سەدان لوبنانیان لە بەرامبەریان کوشت. دەیان گیراویی لوبنانی و میسری و فەلەستینیان لەلایە، ئیدارەی ئەمریکی بۆ ئازادکردنیان جولەیەکیش ناکات.

حسن عبداللە: سۆراخی رەوشی سیاسی میسری و جیهانی عەرەبی دەکەیت ..؟

ــ ئەوەندەی بوارم هەبێت، لەو رۆژانە لەسەر رەوشی تەندروستی بەرهەڵستکاری میسری گیراو ( ئەیمن نور ) م خوێندەوە، ئەو پیاوە نابێ بگیرێت، گیران بۆ ئەو نەهاتووە، بەداخەوە ئەو کارانە ناوبانگی میسر لەکەدار دەکات. من سەرۆک حسنی مبارکم خۆشدەوێت، ئەگەر ئەو نەبێت، توندرەوەکان ژیانی میسرییەکان دەکەنە دۆزەخ، سیاسەتەکەی ئەو زیرەکانە کێشەکە چارەسەر دەکات، لە خۆرهەڵاتی ناوەراست عەرەب لە کۆمەڵگایەکی عەشائیری دەژیین، لەو رەوشە حاکمێکی بەهێزی دەوێت، بەوەش رەوشەکە کۆنترۆل دەکرێت. دیموکراسی خۆرئاوا بە هیچ شێوەیەک بە کەڵک ئێمە ناهێت. چونکە ئێمە هەر عاشقی فرعۆن و پاشاو پێشەوایین. من لە گچکەیەوە عاشقی شێخەکەی کۆڵانی خۆمان بووم، من ئەوانم لە دیموکراسی لا جوانترە، چونکە ئەوەی دەستدرێژی کربایە سەر دەچووە لای، بە حەقەکەی خۆی دەگەیشتەوە، ئەگەرنا لە گەرەکەکە دەردەکرا. ئەوە چە جۆرە دیموکراسیەک بوو...؟؟

ئێمە دیموکراسی ناناسین، حەزیشی لێ ناکەین، بەراستی وایە... پێویستمان بە سولتانێک هەیە، هەمو دەستەڵاتەکانی لە بن دەست بێ، بەمەرجێک ئەو سولتانە باشی و راستی و عەقلی پیغمبەر محمد ( ص ) ی هەبێت، ئەوە باشترین شتە.

حسن عبداللە: ئەوە بۆچوونی تۆیە، چی بە دیموکراسیەکەی ئەمریکی دەڵێیت..؟

ــ ئەوەندەی من زانیارییم لە سیاسەتی ئەمریکی هەیە، راشکاوانە دەڵێم، لە ئەمریکا دیموکراسی نییە، هەموو کەس بۆ خۆی کاردەکات، دەنگ دەدەنە ئەو کەسەی پارەی زۆرتری هەیە، ئەوەی زۆرتر پارە لە پرۆپاگەندە سەرف دەکات، ئەوانە باندۆرییان لەسەر دەنگدەران دەبێت،

بەرژەوەندییەکان حکوم دەکات.

حسن عبداللە: کەواتە لە دیدی تۆ دیموکراسی چی دەگەیێنێت..؟

ـ گرنگترین لە دیموکراسی رۆشنبیرییە، دیموکراسی بێ هوشیاری هیچ نییە، هەردوو وڵاتەکە روشنبیریەکە ئینگلتراو فەرەنسا، بەراستی دیموکراسی پەیرەو دەکەن، ئەمریکا وڵاتێکی نوێیە، رەنگە پاش 300 ساڵی تر بگاتە دیموکراسی راستەقینە. چۆن باسی دەستەڵاتی میللەت بکەین، ئەگەر میللەتەکە نەخوێندەوارو برسی بێت، لە هەر هەڵبژاردنێکی عەرەبی دەتوانێت دەنگی هاووڵاتیەک بە چەند دۆلارێک یان بە 10 جنیهە بکریت، هاووڵاتی بە دوای لوقمەیەک نان بۆ خۆی و منداڵەکانی ویڵە، سیاسەت و هەڵبژاردن بۆ ئەو هیچ مانایەکی نییە، دەزانی بۆچی الاخوان المسلمین و حماس و حزب اللە سەرکەوتن، چونکە قوتابخانەو نەخۆشخانە دروست دەکەن، یارمەتی خەڵک دەدەن، بەوە کیژانی تەمەن گجکە محجبە دەکەن، کە گەورەبون دەبنە ئەندامی ئەو رێکخراوانە، هەروەها سەبارەت بە کورانیش هەمان شێوە پەیرەو دەکەن، گەمەکە هەمووی پارەیە، لە کۆتایی گەمەکە میللەت هەموو رەدوویان دەکەوێت.

حسن عبداللە: سیاسەت لە شانۆی دوورخستینەوە، لەگەڵ شانۆ لە چی دایت..؟

ـ لە ئەنگلترا بۆ ماوەی یەک ساڵ شانۆگەریەکمان نمایش کرد، کێشەکە لەوەدایە شانۆ دەمبەستێتەوە، کۆتبەندم دەکات. من گەورەبووم پێویستم بەو هەیە لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانم دانیشم، پێویستم بە گەڕان هەیە، زۆر شوێنم هەیە لەو جیهانە سەردانی بکەم، شەیدای پارە سەرفکردنم، حەز دەکەم بازاری بکەم.

حسن عبداللە: بێگومان تۆ لەو تەمەنتدا، پارەت نییە..؟

ـ سەرمایەو سامانی من تەندروستیمە زۆرم پارە پەیداکردو سەرفم کرد، رەنگە خودا زۆرترم بداتێ لەوەی سەرفم کردووە، دەترسم چیتر تاقەتی پارە سەرفکردنم نەمینێت، تا خەڵک سوودیان لێوەرگرێت، لەو کاتەشدا خودا دەرگای بەخشینم لێ دەگرێتەوە. رەنگە من پێناوی وەرگرتن و بەخشینی رزق بم لە لایەن خوداوە، ئەگەر دەرگام لەسەر ئەو رزقم لەسەر خۆم داخست، خوداش دەرگاکەم بە روو دادەخات، سوپاس بۆ خودا، یەکجاریش بەتەنهای نەهێشتوومەتەوە، پێش ئەوەی ئیفلاس بکەم بە زیادەوە بۆم دەنێرێتەوە.

---

ئەو دیدارە لە 28 05 2007 لە ماڵپەری ( الجیران ) بڵاوبویتەوە. زووتر لە گۆڤاری نیوزیوک چاپە عەرەبیەکەی بڵاوبویتەوە.